## ئاڵەکۆک، بیرەوەرییەکانی مامە غەنی بلووریان

بەشێک لە بیرەوەرییەکانی مامە غەنی – کەسایەتی ناسراوی سیاسی کورد، ساڵانی زیندان و بەشێکیشی چالاکی سیاسی ناو شاری مەهاباد و گوندەکانی دەوروبەری دەگرێتەوە بەڵام باسی سنە و تەورێز و تاران و باشووری کوردستانیشی تێدا کەم نین.
ئەوەی لە بیرەوەرییەکاندا، شاری بۆکان و دەوروبەری بگرێتەوە، بریتین لە فەسڵێکی تایبەت بە "راپەڕینی جووتیارانی ناوچەی بۆکان" (پاییزی ١٩٥٢ تا هاوینی ساڵی ١٩٥٣) کە تێیدا باسی حاجی قاسمی کەریمی و جببهەی میللی، حوسین فاتحی بەرپرسی حزبی دیموکراتی کوردستان لە بۆکان، ئاغاکانی بۆکان و بەگشتی راپەڕینی ناو شاری بۆکان دەکات و هیچ لەمەڕ ناوچەی فەیزوڵڵابەگی نانووسێت (لاپەڕەی ١١٩ تا ١٢٤).
لە لاپەڕەکانی دیکەشدا باسی عەلی ئاغای دێبوکری(ئەمیر ئەسعەد)(ل ٢٩)، حەسەن زیرەک(ل١١٩)، عەزیزخانی یەکشەوە(کرمانج)(ل ٢٥)، مەنیج حەیران(ل ٢٧)، بەرپرس و ئەندامانی حزب لە بۆکان(ل ٢٢٠)، حاجی حەمەرەسوڵ ئیسماعیل زادە، میرزا حەمەساڵحی کەریمی و خوالێخۆشبوو عەبدوڵڵا سامبەگی کە بە هەڵە بە رۆستەمی ناوی بردوە(ل ٢٢٠ و ٢٢١)، برایم فەرشی(ل ١١)، عەبدوڵڵا موهتەدی، نەمران مینەی شێرخانی و دوکتۆر جەعفەری شەفیعی و هەروەها ئەنوەر سوڵتانی(ئەندامی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد بۆ وت و وێژ لەگەڵ داریوشی فروهەر و نوێنەرانی دەوڵەتی بازرگان)(ل ٣٢٦ و ٣٢٧) و... دەکات.

غەنی بلوریان، "ئاڵەکۆک"، کۆ کردنەوە و ئامادە کردنی حامید گەوهەری، ستۆکهۆلم، ١٩٩٧، ٤١٥ لاپەڕە.